پاشکۆی 3

سەرکردایەتی هەڵەکردن

هەمیشە تێکۆشانی مەسیحییەکان بۆ زانینی مەبەستی خودایە، واتا بۆ تێگەیشتنی ڕاستییەکان

1. نەتوانین بۆ باوەڕکردن بەخودای باوك

بۆچونی هەڵە

ئەگەر خۆم بەدەستەوە بدەم و ڕادەستی خودا بم ئەوا توشی ئازار و ئەشکەنجە دێم، لەبەرئەوە ناتوانم باوەڕی پێ بهێنم.

ڕاستکردنەوە:

لەبەرئەوەی ئێمە لە جیهانێکی تێکشکاودا دەژین کە پڕە لە خەڵکی تێکشکاو و هەڵەئەنجامدەر، کەواتا هەمووومان توشی ئازارچێژتن دێین، هەردوو لایەنی مەسیحی و نامەسیحی. ئازار و ناڕەحەتی مەسیحییەکان تەنها ئەو کاتە کۆتایی دێت کە عیسا بۆ جاری دووەم دێتەوە "21: 4 ـ 5" بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی کە لە خێزانێکی تێکشکاون لەلایان سەختە کە باوەڕ بە خودای پەروەردگار بهێنن وەك باوك، لەبەرئەوەی هەندێ باوکیان لە دونیادا ئەوانی چەوساندۆتەوە و ئازاری داون. لە ئینجیلدا خودای باوك زۆر جیاوازە لە باوکی سەر زەوی و دونیای مرۆڤ، خودای باوك بەسۆزە بەخشندە و میهرەبانە، درەنگ توڕە دەبێت، لە خۆشەویستیدا وێنەی نییە، بەگوێرەی گوناهەکانمان مامەڵەمان لەگەڵ ناکات، خودا دەزانێت چۆن دروست بووین و چۆن دەبینەوە بە گڵ "زەبورەکان 103: 8 ـ 14" هیچ دوژمنکاریەك بەکارناهێنێت، بەرتیل قبوڵ ناکات، بەرگری لە هەژاران و هەتیوان و بێوەژنان دەکات. بەڵێن و پەیمانەکانی جێ بەجێ دەکات "فلیپی 1: 6".

2. داواکردنی نیشانە لە خودا

بۆچوونی هەڵە و بەهەڵە تێگەیشتن

من دەتوانم ڕاستی خودا بزانم، بە داواکردنی نیشانەیەك

ڕاستکردنەوە

لە "دادوەران 6: 17 ـ 22"دا باسدەکات، گدعۆن داوای نیشانەی کرد و فریشتەی خوداش نیشانەکەی پیشاندا، ئاگر لە بەردێك بەرزدەبۆوە و دەسوتا. لە "دادوەران 6: 36 ـ 40"دا باسی گدعۆن دەکات کاتێك کە بۆ جاری دووەم داوای لەخودا کرد کەپێشەنگی و ڕێبەری خۆی بە نیشانەیەك بسەلمێنێت. تاقیکردنەوەکەی گدعۆن لە سەرووی سروشتەوە بوو، لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی پەرجویەکی ئاسمانی بوو بۆ گدعۆن، تەنها تاقیکردنەوەیەکی سادە نەبوو. خودا دەتوانێت کە بەهەر شێوەیەك کە حەزبکات ڕێبەریمان بکات، تەنانەت هەندێك جار بەهۆی هەندێ داواکاری خۆمانەوە "پەیدابوون 24: 12 ـ 14".

3. چاوەڕێ بوون بۆ بانگەوازی لەلایەن خوداوە

بە هەڵە لێکدانەوە

سەرەتا دەبێت لەلایەن خوداوە بانگەواز بکرێم، پێش ئەوەی هیچ خزمەتێك بە خودا بکەم یان کاتی خۆم تەرخان بکەم.
"دەرچوون" دەڵێت دوای ڕێگاکانی بکەوە، بەڵام لەخودا بترسە، فەرمانەکانی جێبەجێ بکە "دەرچوون 11: 9؛ 12: 13" هەرکە خۆمان ڕادەستی فەرمانەکانی خودا کرد لەدوایدا ئارەزوو و پێویستی و هەموو شتێکمان بەرەو لای خودا دەبێت. ئەوانەی ئارەزوویەکی بەهێزیان هەیە "1تیمۆساوس 3: 1" و لەسەر ئینجیل ڕاهاتوون "1تیمۆساوس 3: 2 ـ 7؛ تیتۆس 1: 5 ـ 9" چاوەڕێی شتی دیکە لە خودا ناکەن، بەڵکو فەرمانەکان بەجێدەگەیەنن.
4. هەستکردن بە خۆشی و خۆشگوزەرانی لەناخدا
بە هەڵەتێگەیشتن، من هەستێکی خۆشیم هەیە دەربارەی بابەتەکان، لەبەرئەوە دەزانم ئەمە نییەتی خودایە.
ڕاستکردنەوە
خۆشی و ئاشتی لە هەستەکانماندا بریتییە لەو خۆشییەی کە ئاڕاستەمان دەکات بۆ کارەکانمان. هەستەکان هەمیشە ئاماژەدەرێکی باش نین بۆ ڕێبەری خودا، ئەگەر لە سەلامەتی تێگەیشتین بەوەی کە هەستێکی سەربەستە و ئازادە لە ترس، لە بەیەکداچوون. کەواتا دوای ئەوەی ئێمە بڕیارمان داوە، کەواتا ئەم جۆرەی ئاشتییە هەمیشە نیشانەی ڕێبەری خودا نییە لە ئینجیلدا. ئاشتی خۆشی هەمیشە بەستراوەتەوە بە پەیوەندیمان لەگەڵ خودا لە "ڕۆما 5: 1" دا نوسراوە (کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەندمان لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە) مەبەستی خودا لە ژیانی مەسیحییەکاندا بە شێوەیەکی سەرەتایی پەیوەندیە بەو کەسە هەیە لەگەڵ خودا.
5. وەرگرتنی ئایەتی ئینجیل
بەهەڵە لێکدانەوە
خودا ئایەتێکی پێ بەخشیوم لە ئینجیلدا، لەبەر ئەوە دەزانم کە ئەوە مەبەستی خودایە.
ڕاستکردنەوە
خودا هەندێك جار بەهۆی بوونی ئایەتێکی ئینجیلەوە ڕابەرایەتی ئێمە دەکات کە تەواو گونجاوە لەگەڵ حاڵەتەکەی ئێمە، یان خودا هەندێك جار لە پێشتردا بەهۆی پێدانی ئایەتێکی ئینجیل خۆی دەچەسپێنێت، بەڵام دەبێت ئێمە جیاوازی بکەین لەو جۆرانەی کە ڕابەرایەتی خودایان تێدایە.
بنچینەی بابەتی لەسەر ڕێبەری خودا بەهۆی ئایەتی ئینجیلەوە
ئایا خودا قسەم بۆ دەکات یان من وا لە ئینجیل دەکەم ئەو شتانە بڵێ کە من دەمەوێت بیبیستم؟
ئایا بنچینەکانی دیکەی دۆزینەوەی مەبەستی خودا بیرۆکەکانی من دەچەسپێنێت یان ئایا ئەوان دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی گومان؟

ئایا من تەنها دەڕوانمە ئایەتەکانی ئینجیل کە لەگەڵ مندا دەگونجێن و ئارەزووەکانم لەگەڵیدا هاوتان؟ یان من ڕەچاوی هەموو وانە فێرکاریەکانی ئینجیل دەکەم؟
ئایا من بە هەڵە لە ئینجیل گەیشتووم؟ بە نموونە وەکو پێشبینیەك یان ڕێگایەکی ئاسانە بۆ دۆزینەوەی مەبەستی خودا، من بە وورییایەوە ئینجیل دەردەپرم و مەبەستەکانی خودای تێدا دیاری دەکەم؟ هەروەها دیاری دەکەم کە خودا چی مەبەستە لەمندا؟
هەندێك جار خەڵك پەیمانەکانی ئینجیل دەدۆزێتەوە، وەکو شتێکی دەستەبەر و دڵنیایی دەیکەنە بەڵگە بۆ کارە سەرنەکەوتووەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر شتەکان وا دەرنەچوون کە ئەوان پێشبینیان بۆ کردووە دەست دەکەن بە پەیداکردن و دۆزینەوەی گومان لەسەر ئینجیل، تەنانەت لەوانەیە گلەیی لە خودا بکەن بۆ ئەوەی کە پەیمانەکەی نەبردۆتە سەر، ئەوان نازانن کە بەهەڵە لە شتەکان تێگەیشتوون.
بنچینەی بابەتی لەسەر ڕێبەری خودا بەهۆی ئایەتەکانی ئینجیلەوە
لێرەدا دوو پرسیاری بەسود هەیە بۆ دەرپرینی (پێشبینیەکان، پەیمانەکان، فەرمانەکان)، خودا لێرەدا کە باسی خەڵکی دەکات ئەوا مەبەستی هەموو خەڵکە "مەرقۆس 1: 15؛ 10: 21؛ 17: 7؛ 11: 14" هەندێك جار مەبەستی گروپێکی تایبەتە "ئیشایا 6: 8 ـ 10؛ مەتا 8: 11 ـ 12" تەمەنێکی تایبەت "عیبرانییەکان 9: 6 ـ 10؛ 10: 1 ـ 4؛ گەلاتیا 6: 12 ـ 15؛ پەیدابوون 17: 9 ـ 14" یان هەندێك جار باسی بارودۆخێکی تایبەت دەکات "ئاشکراکردن 2: 7؛ حزقیال 33: 11 ـ 20؛ ئیرمیا 18: 1 ـ 17" مەبەستەکانی ئەو بەشە داڕشتنە چین؟ ڕێبازی فێرکاری "یۆحەنا 14: 6" یان فەرمانکردن "یۆحەنا 13: 34 ـ 35" یان پەیوەندی بە مێژووەوە "کردار 17: 11" ئەگەر ڕێبازەکە مەبەستی تۆ بوو کەواتا پێویستە باوەڕت پێی هەبێت، ئەگەر کردارەکە بۆ تۆ بوو دەبێت پەیڕەوی بکەیت، بەڵام ئەگەر نموونەکە مێژوویەکی خراپی هەبوو ئەوا دەبێت خۆتی لێ بەدوور بگریت.
6. خەوبینین (بەهەڵە لێکدانەوە)
من خەوم بینیوە یان خەیاڵم کردووە لەبەر ئەوە من لەمەبەستی خودا تێدەگەم
ڕاستکردنەوە
تۆ نیت بەڵکو خودایە ئەو ڕێگایە دیاری دەکات کە تیایدا ڕابەری تۆ دەکرێت
خودا هەندێك جار بە هەندێك ڕێگای پەرجو ئاسا ڕێبەریت دەکات، بەهۆی هەورەوە یان بە ئاگر ڕێبەری ئیسڕائیلیەکانی کرد "دەرچوون 13: 21" بەهۆی گوێ درێژێکی قسەکەرەوە ڕێبەری پەیامبەرێکی کرد "ژمارە 22: .21 ـ 33" بەهۆی ئەستێرەیەك ڕێبەری پیاوانی دانا دەکات "مەتا 2: 1 ـ 11" بەسەردانیکردنی فریشتەیەك ڕێبەری مریەمی کرد "لۆقا 1: 26 ـ 38" بەهۆی خەونەوە ڕێبەری یوسفی کرد "مەتا 1: 20 ـ 21؛ 2: 13 ـ 14" هەروەها بەهۆی خەیاڵەوە ڕێبەری پەترۆس و کریلینۆسی کرد "کردار 10: 1 ـ 6؛ 9: 16"

لەگەڵ ئەوەشدا ئیشی تۆ نییە کە داوا لە خودا بکەیت تاوەکو بە ڕێگەی پەرجو ئاسا ڕێبەریت بکات، چونکە ئەگەر خودا بە ژیری خۆی زانی کە تۆ پێویستیت بەم جۆرە پەرجوە ئاسایانە هەیە ئەوا دەیکات، بەڵام ئەگەر تۆ بەردەوام بەدوای ئەم جۆرە ڕێگایەدا بگەڕێیت ئەوا تۆ زۆر شتت لەکیس چووە.
کاتێك واهەست دەکەیت کە ڕێبەری کراویت بە هەندێك ڕێگای پەرجو ئاسا، پێویستە ئەو ڕێبەریە تاقی بکەیتەوە.
کاتێك خەونێك یان خەیاڵێکت بۆ دروست بوو هێشتا پێویستە تاقی بکەیتەوە، بە بۆچونێکی ڕوونەوە بە ڕێگای زانیاریەکانی ئینجیل کە خودا بەهۆی خەو و خەیاڵەوە چی دەردەخات، ئەگەر ئەو خەونە یان خەیاڵە پێچەوانەی ئایەتەکانی ئینجیل وەستایەوە، ئەوە مانای وایە کە ئەو جۆرە خەو و خەیاڵە لە خوداوە نییە: ئیرمیا 23: 16؛ 18؛ 21 ـ 22: 25 ـ 29".
7. سزادان (بە هەڵە لێکدانەوە)
لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی خراپ بەسەر مندا دێت، کەواتا دەبێت بڕیاری هەڵەم دابێت لەبەرئەوە دەگەمە ئەو ئەنجامەی کەوا من دوای نیاز و مەبەستی خودا نەکەوتووم، خوداش سزام دەدات.
ڕاستکردنەوە
بۆچی شتی خراپ بەسەر خەڵکی چاکدا دێت؟ خەڵك چی بکەن کاتێك دوای ڕێبەری خودا نەکەوتوون؟
هەندێ جار مەسیحییەکان بەهۆی سەرەنجامی گوناهەکانیان ئازار دەچێژن کاتێك کارەکانمان پێچەوانە کەوتنەوە و لەگەڵ مەبەست و نیازی خودا لە ئینجیلدا، واتا ئێمە لە بارودۆخێکی ناخۆش داین، دەبێت پەشیمان ببینەوە و دان بە هەڵەکانماندا بنێین، هەروەها بگەڕێینەوە لای خودا "1یۆحەننا 1: 9"
لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێمە پەیوەندییەکی پەنهانیمان لەگەڵ خودادا هەبوو هەروەها پەیڕەوی ئینجیلیشمان کرد، مانای وایە ئێمە باوەڕدارین و لە خودا تێگەیشتووین، ئەگەرنا خودا سزامان دەدات لەسەر بەردەوام بوون لە تاوان.
هەمیشە شتی خراپ بەسەر خەڵکی چاك و مەسیحییەکاندا دێت
ئێمە لە جیهانێکی دۆڕاودا دەژین کە تیایدا ئازار و ناڕەحەتی و تەنگەبەریەکانی ژیان بەسەر مەسیحییەکان و نامەسیحییەکاندا دێت "پەیدابوون 3: 16 ـ 19" مەسیحییەکان نەخۆش زۆر دەکەون "2تیمۆساوس 4: 20؛ 2کۆرۆنسۆس 12: 7 ـ 10" کارەکەمان لەدەست دەدەین، مەسیحی هەست بە ئازاری خێزانەکەی و ئەندامانی خێزانەکەی دەکات کە پشتیان لە خودا کردووە "مەتا 23: 37"، تووشی چەوساندنەوە دێن "2تیمۆساوس 3: 12؛ مەتا 5: 11 ـ 12"، سپیارەی کار (ئەیوب) فێرمان دەکات و پێمان ڕادەگەیەنێت کە خەڵکی خودایی ئازار دەچێژن، بیرۆکەی سەرەتای (ئەیوب) پێمان دەڵێت "خودا ئەوانە پیرۆز دەکات کە پەیڕەوی فەرمانەکانی دەکەن و وە سزای بێ باوەڕانیش دەدات".